# بۆ دانەری (( گۆرانی هەڵۆ )) نووسینی لینین

وەرگێرانی: مەحموود محەمەد عوسمان



بە دڵیکی پر لە ئازارەوە هەموو کرێکارێکی هۆشمەند ناوی گۆرگی لە تەنیشت ناوی ب. ستروفی ئەخوێنێتەوە بۆ ئیمزاکردنێک لەسەر نارازاییەتێکی شۆفینزمانەی ((کەهنووتی )) دژ بە درندایتی ئەلمانیا .

گۆرگی جارێکیان وتی لەکاتی گفتوگۆکردنێک کە بەبۆنەی شالاین بوو : " نابێ بەم توندوتیژییە حوکم بدەین بەسەریدا . ئێمەی هونەرمەندان نەفسییەتێکی جیاوازمان هەیە "
بە واتایەکی تر : هونەرمەند هەندێ جار بە گوێرەی کارتێکردنی خووی هەڵسوکەوت ئەکات کە ئەگاتە ئاستێک لە بەهێزبوون ، هەموو تێروارینەکانی تر پوچ بکاتەوە .
با ئەم مەسەلەیە وابێت . و وایدابنێن کە نابێ بەم توند وتیژییە حوکم بەسەر شالاین بدەین ، ئەوە هونەرمەندە وتەواو . ئەو دوورە لە مەسەلەی پرۆلیتاریا ، لەوانەیە ئەمرۆ برادەری کرێکاران بێت و سبەینێ لە کۆمەڵەی سەد (( مائة السود )) بێت بەگوێرەی مەزاجی .
بەڵام کرێکاران راهاتبوون کە گۆرگی یەکێکە لە خۆیان . و هەموو کات لەو بروایەدابوون کە ئەمان چەندێ بەگەرمی بایخ ئەدەن بە مەسەلەی پرۆلیتاریا گۆرگیش هەروەها ،و هەروەها لەو بروایەدا بوون کە گۆرگی هەموو تواناکانی تەرخان کردبوو لە خزمەت بەم مەسەلەیە .
بۆیە ئەیانبینین نامەی رێزی بۆ ئەنووسن ، و ئەبینین ناوی گۆرگی خۆشەویستە لەلایان . ئەم باوەربوونەی کرێکارانی هۆشمەند بەسەر گۆرگیا ئەیچەسپێنن کە ئەرکێکی دیاری کراوی هەیە کە ئەبێ ناو و رەوشتە بەرزەکەی بپارێزێ ، و نابێ ناوی لەسەر نارازاییتییەکی شۆفینیزمی هەرزان ببێت کە ببێتە هۆی بەفریودانی کرێکارانی هۆشمەند، ئەوانەی کە هێشتا لە توانایندا نییە کە زۆر شت لە مەسەلەکان تێبگەن .
ناوی ستروفی هیچ کرێکارێک ناخەڵەتێنێ ، بەڵام ناوی گۆرگی لەتوانایدا هەیە ئەو کارە ئەنجام بدات .
کرێکارانی بەئاگا کە لە ساختەچێیەتی ئەم نارەزایەتیانە دژ بە ئەلمانی کێوی ( البربر ) و نابووت تێئەگەن ،بۆیە گلەییان لە دانەری (( گۆرانی هەڵۆ )) هەیە ، وپێ ئەڵێن (( چاوەروانی ئەوەمان لێت ئەکرد کە لەم بارودۆخە دژوارە کە پرۆلیتاریای رۆسیا بەسەری ئەبات ، دەستت لەناودەستی خاباتگێرە پێشکەوتنخوازەکان بووایە نەک لەگەڵ بەرێز ستروفی و هاوپەیمانەکانی ))

لینین

لە 1914/12/5 لەچاپ دراوە

بەرگی 26 لاپارەی 96 – 97